## گفتوگۆ لەگەڵ جمال محسن

## بەشەریەتی موتەمەدینی دنیا پێویستی بە مارکسیستێکی پراکتیسیۆنی وەک لینینە

**ئامادەکردنی: جبار محسن**

**پرسیار:** تۆ پێت وایە کە پێویستە یادی لێنین بکرێتەوە؟ وە بۆچی؟

**جەمال موحسین:**

گەر مەسەلە یادکردنەوەی لینین بێ لە هۆڵێکی داخراودا و چەند پارچە مۆسیقا و خوێندنەوەی شیعر و ووتار و تەنانەت ڕازاندنەوەی مەراسیمێک بێت بە ژیاننامە و هەندێ لە ووتەکان یان کردەوەکانی لینین، ئەوا بە دەرد ناخوات و بە بڕوای من ناشکرێ ناوی لێبنرێ یادکردنەوە. من خۆم شەخسیەن لەگەڵ یادکردنەوە بە مانای یادێکی شەخسی و مەراسیمێکی لەو شێوازەدا نیم و لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە حەیف و جەخار بڵێینەوە کە ڕابەرێکی مەزنی وەک لینین، ڕابەری شۆڕشی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا جێگەی لامان خاڵییە. لینین لە چوارچێوەی مارکسیزمدا ئەکرێ بووترێ تیۆریسیۆنی شۆڕش بوو، بەڵام هاوکاتیش پراکتیسیۆنی شۆڕش بوو. لینین لە دنیای واقعدا سەلماندی کە شۆڕشی کرێکاران و بەشەریەتی چەوساوە بۆ سۆسیالیزم و بەدەستهێنانی دنیایەکی خاڵی لە چەوسانەوە و ئازاد و یەکسان ئیمکانی هەیە. لینین نەخشەدانەر و هیدایەتکەر و پێشەوا و ڕابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا بوو، شۆڕشێک کە نەک تەنها بە دوای خۆیدا گۆڕانی گەورەی بەسەر وولاتدا هێنا، بگرە هەژمونی شۆڕش و دەسەڵاتی کرێکاران کاری کردە سەر تەواوی دنیا. هەر بڕیارنامە و جاڕنامەیەک کە دواتر لەسەر مافەکانی ژنان، مافەکانی منالان، ئەمنیەت و ئاسایش و ژیانێکی ئارام، ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و نیشتەجێبوون و هتد لە جیهاندا دەرچوو ئیلهامی لەم شۆڕشە و پراتیکی لینینەوە وەرگرت و یان ڕەنگدانەوەی ئەو هەژمونەی بەسەرەوە دیار بوو. ئەو تا کاتێک لە ژیاندا بوو، لە پێش شۆڕشدا، لەناو کرێکاران و لەگەڵیاندا بوو، لە پترسبۆرگەوە بگرە تا مۆسکۆ، لە دورخراوەییدا، لە فینلاند و لە سوید و... وە بێجگە لە ڕێزۆشنکەرەوەی خەباتی ڕۆژانە و عەزم پێدانیان و هەوڵی هوشیارکردنەوە و شەرحکردنی کتێبی ***کاپیتاڵ*** ی مارکس بۆیان، لە ڕیکخراوەکانی خۆیاندا ڕێکی ئەخستن و کۆمیتە حزبیەکانی لەوان پێک ئەهێنا. لە دوای شۆڕشیشەوە کە لە تشرینی دووەمی 1917 دا بە سەرۆکی دەسەڵاتی شورایی هەڵبژێردرا بە عەمەلی دەسەڵاتی کرێکاران و چەوساوانی پیادە کرد و ئاڵوگۆڕی لە ژیانی تەواوی کۆمەڵگادا جێخست، لە ڕاکێشانی کارەباوە بگرە بۆ کون و کەلەبەری شار و دێکانی ڕووسیا (کە بۆ ئەو کات یەکێک لە مەهامە گرنگەکانی شۆڕش بوو، هەروەک خۆی ئەڵێ "کۆمۆنیزم بریتیە لە دەسەڵاتی شورایی و دابینکردنی کارەبا بۆ تەواوی وولات") تا کۆتایی هێنان بە نەخوێندەواری و هەژاری و برسێتی، کە چەکێکی کوشندە بوو دژبە کرێکاران و جوتیاران، و مۆدێرنیزەکردنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و دەستکۆتاکردنی دین لەسەر ژیانی خەڵک و قەڵاچۆکردنی نەخۆشی و...و.. هتد. هەربۆیە ناوهێنانی لینین هەمیشە هاوجوتە لەگەڵ ئیرادەنواندن و خەبات و تێکۆشانی ئینسان بۆ ژیانێکی باشتر.

بوونی ئینسانێکی وەک لینین پێویستی زەمانە بوو لەو سەردەمەدا و لە ئێستاشدا یادکردنەوەی ئەو ئەبێ مانای بە دەستەوە گرتنی میتۆد و شێوازی خەبات و هەڵسوڕانی بیووچانی ئەو لە خەباتی ڕۆژانەی کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکاردا بەدەستەوە بدات. بە بڕوای من لەم گۆشەنیگا کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە تەماشای بکەین، کردنی پرسیارێکی لەوچەشنەی کە "یادکردنەوەی لینین پێویستە؟" زەرورەتێکی بۆ نامێنێتەوە! دنیای ئێستا، چینی کرێکار، چ لە ئاستی محەللی و چ لە ئاستی جیهانیدا، بەشەریەتی موتەمەدینی دنیا پێویستی بە مارکسیستێکی پراکتیسیۆنی وەک لینینە، دەقیقەن هەروەک زەمانێک کە خۆی تیای ئەژیا. هەربۆیە تەنها ڕۆژی 21 ی کانونی دووەم پەیوەست نابێتەوە بە لینینەوە کە ڕۆژی مەرگیەتی، بەڵکو گەر

به بایۆگرافی ئەودا بچینەوە زۆربەی زۆری ڕۆژەکانی تەمەنی، لە مێژووی خەباتیدا و بەم پێیەش لە خەباتی چینی کرێکاری ڕووسیدا (وە تەواوی دنیادا) جێگەی تایبەتی خۆی هەیە لەبەرئەوەی دەرخەری دەخاڵەتی بێووچانی ئەوە لە وورد و درشتی مەسەلەکانی کۆمەڵگادا.

بەدەستەوەگرتنی میتۆدی مارکسیستیانەی عەمەلیانەی لینین لە لایەن کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمەوە، مەسەلەکە لەوە دەرئەکات کە یادی "ئینسانێکی ڕۆیشتوو" بکرێتەوە، بگرە لە دنیای واقعدا پیادەکردنی ئەم پێویستییە نیشان ئەدات. کۆمۆنیستە کرێکارییەکان (سەرباری هەر زوعفێکمان) ئەو ئینسانانەین کە بە شوێن بە عەمەلیکردنەوەی میتۆدی لینینەوەین بۆ سەردەمی ئەمڕۆ و هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی.

**پرسیار:** لێنین دەریایەکە لە مەعریفە ودەرس و تەجروبە بە جۆرێک کۆمۆنیستەکان هەمیشە پێویستیان پێی بووە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیان و دیاری کردنی سیاسەتەکانیان. ئێمە لە کوردستان بۆ وەڵامدانەوە بە کێشەی میللی سەر خەڵکی کوردستان بەتەواوی پشتمان بە باس و سیاسەتەکانی منسور حکمت بەستوە. جیاوازی نێوان ڕوانگەی لێنین و منسور حکمت بۆ ئەو مەسەلەیە چییە؟ ئایا دەکرێت لەم بارەیەوە پشت بە لێنین ببەستین؟

**جەمال موحسین:**

دیارە ئەبێ مەبەستتان لە ستەمی میللی بێت. وەڵامدانەوە بە وەزعیەتی سیاسی کوردستان و مەسەلەی ستەمی میللی لە ڕوانگەیەکی کۆمۆنیستییەوە بۆ یەکەم جار لە لایەن مەنسور حکمەتەوە تەرح کرا کە لە ساڵی 1995 دا ئەو باسەی هێنا بە ناوی "لە پێناوی داکۆکی کردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا، خستنە ڕووی بەرایی باسەکە". دیارە ئەو باسە زۆرتر وەڵامێکی سیاسی_عەمەلییە لەلایەک بە وەزعی سیاسی کوردستان کە ئەو کاتە تەنها ماوەی چوار ساڵ بەسەر "ناوچەکانی ئەمن" دا تێپەڕیبوو کە کوردستانی لە عێراق دابڕیبوو وە کردبووی بە ئۆردوگایەکی گەورەی ئاوارەیی، هەر ئەوەی ئێمە ناومان بردووە بە سەرگەردانی سیاسی. وە لەلایەکی ترەوە وەڵامێکی چڕ و پڕ و جەسورانەیە بۆ ستەمی میللی کە ساڵانێکی زۆر بوو بە هۆیەوە جۆگەی خوێن لە جەستەی کۆمەڵگای کوردستان هەڵئەچۆڕا. مەنسور حکمەت لە مەوقعیەتی کۆمۆنیستێکی مەسئول لە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە، تەرحی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی بۆ خەڵکی کوردستان هێنا کە تیایدا بڕیار لەسەر چارەنوس و ژیانی خۆیان بدەن بەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا ئەمێننەوە یان لێی جیا ئەبنەوە. ئەو بە دیاریکراوی بۆ کۆتایی هێنان بەو وەزعە و ستەمی میللی تەرحی جیابوونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی_غەیرە دینی هێنایە پێشەوە. لەو کاتەوە ئەوە هەم وەک سیاسەتێکی ڕەسمی لەلایەن ئێمەوە قبوڵکراوە و هەم ئێستاش وەزعیەتەکە زیاتر لەو کاتە واقعیەتی ئەو تەرحەی سەلماندووە. بە بڕوای من مەسەلەکە هەر ئەوەندە نییە کە ئێمە پشتمان بە باس و سیاسەتی مەنسور حکمەت بەستبێ، بەڵکو تەرحی جیابوونەوەی کوردستان ڕێگاچارەیەکی دروست و عەمەلی و بگرە زەرورییە لە ڕاستای بەهێزبوونی خەباتی سۆسیالیستانەی چینی کرێکار و هەنگاوێکیش لە دەسەڵاتی سیاسی نزیکمان ئەکاتەوە. ئەگەر ئەمە ڕوویەکی گشتی مەسەلەکە بێ، وا پێویست ئەکات ووردتر لە لایەنەکانی بڕوانین، بە تایبەتی تۆ لە پرسیارەکەتدا جۆرێک بەراورد، و تەنانەت باسی جیاوازیت لە نێوان ڕوانگەی لینین و مەنسور حکمەت دا هێناوەتە ئاراوە.

بە پێویست، ئەبێ هەندێک بگەڕێینەوە بۆ مەقولەی "مافی چارەی خۆنووسین". بۆچی ئەم باسە؟ بە کورتی لەبەرئەوەی کە لە سەردەمی لینیندا و بۆ وەڵامدانەوە بە هەندێ مەسەلە و گرێ و گۆڵەی "میللی"، یان ستەم، ئەبوایە تەرحێکی کۆنکرێت و عەمەلی لەلایەن بزووتنەوەی سۆسیالیستیەوە بهێنرێتە پێشەوە. ئەو کات لینین لە پەیوەند بەو مەسەلەیەوە داکۆکی لە "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان" دا کرد.

لینین بە میتۆدێک مامەڵە لەگەڵ هەر مەسەلەیەکی سیاسیدا ئەکات کە سەرچاوەکەی لێکدانەوە و بە دواداچوونێکی مارکسیستیانەیە: "پێداویستیەکی بێئەملاوئەولای تیۆری مارکسیستی بۆ بەدواداچوونی مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە لە

چوارچێوەی مەقتەعێکی مێژوویی دیاریکراودا لێکبدرێتەوە. وە ئەگەر ئاماژە بە وولاتێکی دیاریکراو بکات (بۆ نمونە بەرنامەی میللی بۆ ئەو وولاتە)، ئەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە تایبەتمەندیەکانی ئەو وولاتە کامەیە کە جیای ئەکاتەوە لە وولاتانی تری هەمان سەردەمی مێژوویی [تەئکید هی لینینە]"[1]. بەم مانایە گەر بمانەوێ لەهەر مەسەلەیەک بکۆڵینە و لێکیبدەینەوە پێش هەر شتێک وا پێویستە کە ئەو سەردەمە بناسین کە ئەو مەسەلەیە تیایدا وجودی هەیە، کامانەن تایبەتمەندیەکانی ئەو هەلومەرجە؟ هاوکێشە ئابوری و سیاسی و، هەر بەو پێیە کۆمەڵایەتیەکانیش، کامانەن؟ هۆکار و فاکتۆرەکانی پشتی هاتنەکایەوەی خودی ئەو مەسەلەیە کامانەن؟... و هتد. لینین سەبارەت بە مەسەلەی میللی هەر بەوجۆرەی کرد و بە گوێرەی هەلومەرجی ئەو کات، واتە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، مەقولەی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" ی بە دەستەوە گرت. ئەو کاتانە لە ڕوسیا و ئەوروپای شەرقیدا تازە ترێندی "بۆرژوا_دیموکراتی" لە ئارادا بوو کە بە شوێن ئەوەوە بوون بنەماکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی مۆدێرن و دەوڵەتی سەرمایەداری جێگیر بکەن، کە لە باری مێژووییەوە بێگومان چەندین ساڵ کەوتبووە دوای ئەوروپای غەربیەوە. هەربۆیە ئەوەی کە لەو وولاتە غەربیانە لە دەیان ساڵ لەوەو پێشەوە هاتبووە ئاراوە، لینین ووتەنی "دەوڵەتەکان لەبەرگی میللیدا"، مەسەلەی میللی و ستەم لەسەر میللەتانی چەوساوە و ژێردەستی لەو شکڵەیدا نەهێشتبۆوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەبوونی بەندێکی بەرنامەیەیی ڕۆشن لە وولاتانی ئەوروپای شەرقیدا بە زەرورەت خستبووە دەستوری سۆسیال_دیموکراتەکانی ئەو کاتەوە (بڕوانە کتێبی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بەشی سێیەم). لەو ڕوانگەیەوەیە کە لینین ئەیوویست چارەسەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان بدۆزرێتەوە تاکو گرێکانی بەردەم خەباتی کرێکاران بۆ سۆسیالیزم لاببات و بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ ببێت. ئەو لە حاڵەتی هەبوونی ستەمی میللیدا تەئکید لەوە ئەکاتەوە کە "عەمەلیترین پرۆسە ووتنی 'بەڵێ' یەکی ڕۆشنە بە قازانجی جیابوونەوەی میللەتێکی دیاریکراو تا بە قازانجی هەموو میللەتەکان کە مافی جیابوونەوەیان هەیە [تەئکیدی لینین]" (مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، بەشی چوار). ئەمەش بە ڕۆشنی دەریئەخات کە لینین ئالودەی جیابوونەوە نەبووە، مەبەست و ئامانجی ئەو ئەوە نەبووە کە هەموو "میللەتان" جیاببنەوە. دیفاعکردن لە مافی جیابوونەوە، وەک هەبوونی ئازادی بۆ جیابوونەوە، نە بەمانای عاشقبوونە بە جیابوونەوە و نە بە مانای بە ناچار خستنە بەردەمی تەرحی جیابوونەوەیە بۆ هەموو نەتەوە و "میللەت"ێک. وەک ئەبینین لە شوێنێکی تردا پێ لەسەر زەروورەتی ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە دائەگرێتەوە: "[...] بەوپێیەی کە نیزامی سیاسی خاوەن مۆرکێکی دڕندانەی تایبەتە، کە پاشماوەی سەدەکانی ناوەڕاستە، وە بەو پێیەی کە شۆڕشی بۆرژوا دیموکراتیک بە ئەنجامی خۆی نەگەیشتووە، لە ڕوسیایەکی ئاوهادا، وەک دەرئەکەوێ، داننان بە مافی ئازادی جیابوونەوە، بۆ ئەو نەتەوانەی کە تزار ئەیانچەوسێنێتەوە، ئەرکێکی بێئەملاوئەولا و ئیلزامی سەرشانی سۆسیال_دیموکراتەکانە، کە ئەرکە دیموکراتی و سۆسیالیستییەکانیان بە سەریاندا دەیسەپێنێ"[2]. بەم پێیە قسە لەسەر دۆزینەوەی ڕێگە چارەیە بۆ کێشەیەک لە مەقتەعێکی دیاریکراوی مێژوویدا کە بۆتە گرێی کۆمەڵگا و پێویستی بە وەڵامی دروست هەیە، لە ڕوانگە و بەرژەوەندی چینی کرێکار و تەواوی کۆمەڵگاوە، نەک لە ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستیەوە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت بۆ ئەم نەتەوە و ئەو نەتەوە یان جیاکردنەوەی خەڵک لەیەکتر لەسەر بنەمای نەتەوە و میللەتەوە.

هەروەها سەبارەت بەم مەسەلەیە، لینین تەئکید ئەکاتەوە کە "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا، تەنها بە مانای، مافی میللەتان بۆ سەربەخۆیی، بە مانا سیاسییەکەی دێت، یانی ئازادی جیابوونەوەی سیاسی لە میللەتی

---

[1]. لینین، *مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا*، چاپی ئینگلیزی. لە سایتی مارکسیستەکان وەگیراوە (http://www.marxists.org/archive/lenin/works/1914/self-det/index.htm) کە ئەویش سەرچاوەکەی بە کۆکراوەی کارەکانی لینین هی ساڵی 1972 ی چاپی خانەی پێشکەوتن، مۆسکۆ، کتێبی 20، لاپەڕەکانی 393-454 دیاریکردووە. لەبەرئەوەی بە فۆرماتی وێرد تێیدا نەبوو، ژمارەی لاپەڕەکان جیاواز دەرئەچێت لەوەی لای منە. هەر بۆیە ژمارەیەکی تایبەت نانووسرێ لەم پەراوێزانەدا، ئەمە لە بەشی دووەم لە ژێر تایتڵی "پێشکەشکردنێکی مێژوویانەی کۆنکرێتی مەسەلەکە" ەوە وەرگیراوە. [هەر بەشێک "ئیقتباسێک" لەم باسەدا کە لەم کتێبەوە وەرگیراوە بەرپرسیارێتی وەرگێڕانەکەی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی ئەکەوێتە سەرشانی خۆم].

[2] نامیلکەی لینین "شۆڕشی سۆسیالیستی و مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" تەرجومەی کوردی لە لایەن سالار ڕەشیدەوە، ساڵی 2004، ل 19. لەسەر سایتی مارکسیستەکان دەست ئەکەوێ.

سەردەست و چەوسێنەر. ئەم خواستە [...] لە باری عەمەلیەوە یانی، ئازادی تەواوی تەرویجکردن بۆ جیابوونەوە و چارەسەرکردنی جیابوونەوەکە بە پرسوڕا (پرۆسەی ڕیفرانۆم) بەو میللەتەی کە داوای ئەکات. کەواتە ئەم خواستە لە شێوەی خواستی جیابوونەوە و پارچەپارچە کردن و دامەزراندنی دەوڵەتگەلی بچکۆلە نییە. بەڵکوو بە تەنها گوزارشتکردنێکی ڕاستگۆیانە و گونجاوە لە خەبات، لە دژی هەر چەوسانەوەیەکی میللی"[3]. کەوایە ڕۆشنە کە لینین بە شوێن ئەوەوە بووە کۆتایی بە ستەم و چەوساندنەوەی میللی بهێنێت، کە بەمجۆرە ڕیگرییەک لەبەردەم پێشکەوتنی خەباتی چینایەتی کرێکاراندا بۆ سۆسیالیزم ڕائەماڵرێ. ئامانجی سەرەکی سۆسیالیزمە، بەڵام هەروەک ئەمە تەنها شیعارێک نییە و پرۆسەیەکی عەمەلی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابورییە، هەر مەسەلەیەک ئەم پرۆسیە خاوبکاتەوە پێویستی بە لابردنە. ئەم ڕێگەچارەیە لەو کاتەدا بێجگە لەوەی کە لە باری ئابورییەوە سوودەکەی لەوەدا بوو کە وولاتێکی دیاریکراو بگاتە ئاستێکی پێگەیشتوو لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بۆ ئەوکاتە لە فیۆدالیەوە بەرەو سەرمایەداری، کە ئەمەش ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی بووە بەسەر ئابوری کۆمەڵگادا کە ئاڵوگۆڕی سەرخانیشی بەدواوە بووە، لە ڕووی چینایەتیشەوە هاوخەباتی و یەکێتی کرێکارانی لە "نەتەوەی سەردەست" و "نەتەوەی ژێردەست" دا بردۆتە ئاستێکی باڵاترەوە. هەروەک چۆن لینین بۆ ئاڵوگۆڕەکانی کە بە "شۆڕشی بۆرژوا_دیموکرات" ناوی ئەبات، نمونەی ساڵەکانی 1789-1871 لە ئەوروپای غەربیدا ئەهێنێتەوە و هەروەهاش نمونەی هاوپشتی کرێکارانی ئینگلیز لە سەردەمی تەرحی جیابوونەوەی ئیرلەندا (کە لەلایەن مارکسەوە کرا، ئەگەرچی بەبۆنەی نائامادەیی چینی کرێکاری ئینگلیز و حەتمەن ئیرلەندیشەوە پرۆسەی جیابوونەوە نەچووە پێشەوە و دواتر لە شکڵی ڕیفۆرمی بۆرژوازیدا بڕایەوە) یان پشتیوانی کرێکارانی سویدی لە کرێکارانی نەرویج بۆ جیابوونەوە لە ساڵی 1905 دا ئەهێنێتەوە (بە واتایەکی تر، هەڵوێستی پشتیوانی کە کرێکارانی "نەتەوەی سەردەست" ئەبێ هەیانبێ بەرامبەر چینی کرێکاری "نەتەوەی ژێردەست"). لەمەوە ڕۆشن ئەبێتەوە کە بۆچی لینین باوەڕی وابووە کە"ئەبێ خەبات و تێکۆشانمان لە پێناوی ئەم خواستەدا، شانبەشانی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی تەواوی خواستە بنەڕەتییەکانی دیموکراسی سیاسی، لە خزمەت خەباتی ڕاستەوخۆی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی، بۆ ڕووخاندنی حکومەتە بۆرژوازیەکان و بەئەنجامگەیاندنی سۆسیالیزمدا بێت"[4]. بۆ ئەو سەردەمە مەسەلەکە بەوجۆرە بوو کە وای ئەخواست داکۆکی لە "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا" بکرێ، بەڵام هەم دنیای ئێستا دنیای ئەوسا نییە، هەم شتێک لە ئارادا نییە ئێستا بە ناوی "شۆڕشی بۆرژوا_دیموکراتی" یەوە، بگرە هاوکێشە جیهانی و محەللیەکان نەک هەر پێگەیشتنی سەرمایە و سەرمایەداری بەڵکو بۆگەنبوونی ئەم سیستمەیان چەند بارە سەلماندۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە پێکدادانە قەومی و شەڕە خوێناویەکان لە گۆشە جیاجیاکانی دنیادا، خودی مەسەلەی "میللی" و هاوکێشەکانی پەیوەست بەوەوەی بردۆتە ئاستێکی ئاڵۆزتر و گێژاوی زۆری بە شوێن خۆیدا هێناوە. هەربۆیە مەسەلەکە، وە بە تایبەت ئەوەی ئەو کاتە لینین لە ژێر ناوی خواستی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن میللەتانەوە هێنایە ئاراوە، ئێستا ناکرێ لە هەمان چوارچێوەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا سەیری بکرێ. لێرەوە دێمە سەر لێکدانەوە و تێڕوانینی مەنسور حکمەت سەبارەت بە "مافی چارەی خۆنووسین" و مەسەلەی ستەمی میللی.

لە پێشدا با هەندێ مەفهوم لە باسە بە نرخ و نایابەکەی مەنسور حکمەت بە ناوی *میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی*[5] بهێنینەوە. لەم باسەدا مەنسور حکمەت بە شێوەیەکی ئۆبجێکتیڤ و واقعی خودی مەقولەی "مافی میللەتان لە دیاریکردن چارەنووسی خۆیان" دای خستۆتە ژێر مەنگەنەی پیاچوونەوە و ڕەخنەوە و لە دنیای پڕ هاوکێشەی پێچاوپێچ و ئاڵۆزکاوی ئەمڕۆدا تولە ڕێیەکی بۆ ناڕۆشنی سەبارەت بەم مەقولەیە نەهێشتۆتەوە. با بەم سەردێڕە دەست پێ

---

[3] شۆڕشی سۆسیالیستی و مافی میللەتان، ل 6.

[4] هەمان سەرچاوە، ل 22.

[5] مەنسور حکمەت، میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، 1994، وەرگێڕانی بۆ کوردی لەلایەن سەعید ئەحمەدەوە. لەبەر هەبوونی ڤێرژنی جیاجیا، لە کاتی هێنانەوەی دەقێکیدا، ژمارەی لاپەڕەکە نانووسرێ. ئەم باسە لە سایتی مەنسور حکمەت و سایتەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان و سایتی مارکسیستەکان و هاوپشتی و... دا دەست ئەکەوێ: http://hekmat.public-archive.net/indexFa.html، http://www.wpiraq.net/kurdish/mansur/no4-nasunalizm.pdf، http://hkkurdistan.org/kasayati/mansoor/miletu%20nasunalizm.pdf، ....

بکەین: "لە پێوانەیەکی جیهانیدا فۆرمۆلی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا بە هیچ جۆرێک قیبلەنومایەکی سۆسیالیستیانە نییە بۆ تێپەڕین بە ناو جەنگەڵی بەرژەوەندی و ناکۆکیە قەومیە بێشومارەکاندا... ڕووداوە میللیەکانی جیهانی پاش جەنگی سارد بە ناچاری فۆرمۆلی بەڕواڵەت خێرخوازانە و عادیلانەی 'مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا' دەخاتە بەردەم چاوخشاندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە. بە بڕوای من، کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەرئەنجامی ئەم چاوخشاندنەوەیە جگە لە ڕەتکردنەوەی ئەم فۆرمۆلە لە شکڵ و شێوەی ئێستایدا ناکرێ شتێکی تر بێت" (تەئکید هی منە). بەم مانایە مەنسور حکمەت ئەوە ئەخاتە بەردەم خەباتی کۆمۆنیستی ئەم سەردەمە کە بەو شێوازە گشتیەوە کە لە فۆرمۆلی مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسدا هەیە، ناتوانرێ وەڵام کێشە پڕ گرێ و گۆڵەکان بدرێتەوە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم پیاچوونەوەیەدا مەنسور حکمەت لەم باسەدا لە هەوڵی ئەوەدایە کە لەلایەک ئەوە بسەلمێنێ خودی ئەم مەسەلەیە لای لینین و بەرنامەی حزبەکەیدا بە چ جۆرێک بووە و لە لایەکی تریشەوە پیاچونەوەکە ئەبێ چ مانایەکی سیاسی و عەمەلی لێ هەڵبهێنجێندرێ.

سەبارەت بە پیاداچونەوە ئەکرێ دیقەتی ئەم دوو سەرنج و تێڕوانینەی مەنسور حکمەت بدەین، یەکەم: "بەڕەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ڕوانگەی حقوقی و سیاسی و هەروەها لە مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، بۆ نمونە لە تێڕوانینی لینین و بەرنامەی سۆسیال_دیموکراسی ڕووسی و دواتریش بەڵشەفیەکاندا، بە مانای مافی جیابوونەوەیە نەک هەر سیناریۆیەکی بەیناوبەینی کە بەرقەرارکردنی پەیوەندی تر لە نێوان میللەتی جێمەبەست و دەسەڵات و دەوڵەتی مەرکەزیدا پێشنیار دەکات. باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای تایبەتی ووشەکە، پەیوەندی بەم مەقولاتانەوە نییە...."، دووەم: "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا فۆرمۆلێک نییە بۆ بەڕەوا زانینی دەستورە 'پەلکە زێڕینەیی' یەکان و پلە بە پلە کردنی هاوڵاتیان بە پێی ئینتیمای میللی و قەومییەکانیان لە ووڵاتە 'فرە میللییەکان' دا. لانی کەم لەو تەقلیدە کۆمۆنیستیەدا کە ئەم فۆرمۆلەیەی بۆ بەرنامەکانی ئێمە بە میرات هێشتۆتەوە لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە لەم مافە نەکراوە. بەهەرحاڵ ئەم تێگەیشتنانە ئەمڕۆ بوونەتە پاشکۆی ئەم فۆرمۆلە. عیبارەتی 'دیاریکردنی چارەنووسی خۆ' سەردێڕێکی چاکە بۆ مشتومڕ لەسەر ئەم تێگەیشتنانە. بەڵام هەرگیز مەقولەیەکی کارساز نییە بۆ داڕشتنی فۆرمۆلێکی ڕۆشن و ئازادیخوازانەی کۆمۆنیستی لەبەرامبەر میللەتان و مەسەلەی میللیدا"[6]. ئەوەی خاڵی یەکەم پێمان ئەڵێت ئەوەیە کە لە کاتی هەبوونی کێشەیەک و ستەم لەسەر میللەتێکدا، مافی جیابوونەوەی بە ڕەسمی بۆ بناسرێت. ئەمە ئیتر زۆر دوورە لەوەوە کە بتەوێت پەیوەندی نێوان میللەتی جێمەبەست و میللەتێکی تر ڕێکبخەیت، کە ئەمەی دواییان بە تەواوەی ئامانجێکی ناسیۆنالیستیە و دوورە لە تێڕوانین و تەرحی کۆمۆنیستییەوە. هەرلێرەوە گەر لە خاڵی دووەمەوە وەک نمونەیەک چاو لە عێراق بکەین، ئەبینین کە مەسەلەکە بۆ ئێمە ئەوە نییە کە لە دەستورێکی "پەلکە زێڕینەییدا" هاوڵاتیان لەسەر بنەما قەومی (یان هەتا دینیش) پلە پلە بکەین. وەک مەنسور حکمەت ئەڵێ لانی کەم لە تەقلیدی کۆمۆنیستیدا (کە لینینیش ئەو کاتە ئەو داڕشتنەی لە بەرنامەی سۆسیال_دیموکراتدا هەبووە)، ئەو مەفهومەی بە دەستەوە نەداوە کۆمەڵگا پلە پلە بکرێت. هەروەک لە پێشتریشدا تێڕوانینی لینیمان هێنایە بەرچاو، مەسەلەکە ڕۆشنە کە بۆ لینینیش بنەماکەی چۆن و چی بووە و تەنانەت خود بە خود لەگەڵ جیابوونەوەدا نەبووە، مەگەر لە شوێنێک و لە مەقتەعێکدا زەرورەت وای خواستبێ، هەروەک مەنسور حکمەت تەئکیدی لێ ئەکاتەوە کە "[...] تێڕوانینی لینین بۆ مەسەلەکە بە دروستی لەسەر مەبدەئی خۆلادان لە جیابوونەوە بنیات نراوە و مافی دیاریکردنی چارەنوس وەکو مافێکی 'سلبی' سەیر دەکات"[7]. ئەی کەوایە تەرحی جیابوونەوە بۆچی؟ وەڵامی ئەم مەسەلەیە بە ڕۆشنی لە تێڕوانینی مەنسور حکمەت باس کراوە کە بۆ لینینیش هەروا بووە: مەسەلەکەیە ئەوەیە کە لینین دژی بەزۆر لکاندنی ئیجباری و بەزۆر وابەستە هێشتنەوەی میللەتان بووە و هاوکاتیش دیفاعی لەوە کردووە کە ئەوە تەنها مافی ئەو میللەتەیە بڕیار لەسەر جیابوونەوە یان نەبوونەوە بدات. ئەمە دەقیقەن ئەو سیاسەتە دروستەیە کە ئێمەش لەپەیوەند بە وەزعی کوردستان و مەسەلەی ستەمی میللیەوە گرتومانەتە بەر. ناکرێ بە زۆر کوردستان بلکێندرێتەوە بە عێراقەوە، هەروەک ئێستا بە بۆنەی

---

[6] میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی

[7] هەمان سەرچاوەی پێشوو

سیاسەتی وابەستەی ئەحزابی ناسیۆنالیستیەوە بە نەخشەی ئەمریکا و دەوڵەتی مەرکەزیەوە کراوە. ئەوە تەنها و تەنها خەڵکی کوردستانن کە ئەبێ پرسیان پێ بکرێ سەبارەت بە چارەنوسی سبەینێیان چی ئەکەن و بڕیاری چی ئەدەن، نەک لەسەرو ئەوانەوە و بە پێی بەرنامە و سیاسەتی بەرژەوەندی پەرستانەی بۆرژوازی کورد بلکێندرێنەوە بە عێراقەوە. بەڵام جیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەت نە لەسەر بنەمای کورد بوونەوەیە و نە ئەتوانێ بنەمایەکی دەستەبەندی قەومی هەبێ: "[...] بە ڕەسمیەت ناسینی مافی دەستەبەندی میللی و قەومیەکان لەوەی کە هەریەکە وڵاتی خۆی درووست بکات، لە ڕوانگەی منەوە مەبدەئێکی پرەنسیپی کۆمۆنیستەکان نییە... بەڵام نە بۆ لینین و نە بۆ ئێمەش ڕووی دەرەوەی ئەم فۆرمۆلبەندیە و ئەو ئەرکە حقوقییانەی لێی دەکەوێتەوە ئەسڵی مەسەلەکە نییە. شیعاری مافی دیاریکردنی چارەنووس فۆرمۆلێکە بۆ وەستانەوەی کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر ڕاستیەکی تاڵی مێژوویی و زەمانەت کردنی کەم دەردی سەریترین ڕێگا بۆ وەلاتانی لە ڕێڕەوی خەبات لە پێناو ڕزگاری و ئازادی ئینسانەکاندا. ئەم ڕاستیە تاڵە، ستەمی میللییە کە فۆرمۆلی مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنانەت ئاماژەیەکیشی پێ ناکات"[8]. پێ ئەچێ لێرەدا ئەوەندە کافی بێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چ مەسەلەیەک پێویستی پیاچوونەوەی بە فۆرمۆلەی "مافی میللەتان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆ" دای هێناوەتە پێشەوە. بە بڕوای من ئەوەی کە ئەم فۆرمۆلەیە ئاماژە بە ستەمی میللی ناکات پەیوەندی بە هاوکێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ئەو سەردەمەوە هەیە کە ئەو مەقولە و فۆرمۆلەی تیا هاتۆتە پێشەوە و ئەمەش ئەو مانایەی هەیە کە مەنسور حکمەت ووتەنی بەکارهێنانی خودی فۆرمۆلەکە لەم سەردەمەدا جگە لە نارۆشنی و سەرلێشێواندن شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە.

با لێرەوە لایەنی تیۆری مەسەلەکە و ئەو بەراوردەی پێویست بوو بیکەین سەبارەت بە سەردەمی لینین و چارەسەرکردنی ئەو بۆ مەسەلەکە لەگەڵ تێڕوانینی مەنسور حکمەت دا جێبهێڵین و بچینە سەر واقعیەتی کوردستان. واقعیەتی تاڵی مێژوویی کوردستان ئەوەیە کە هەم لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بە زۆر لکێندراوە بە دەوڵەتی مەرکەزەوە، دەوڵەتێکە کە پێناسەکەی قەومی عەرەبیە، وە هەمیش مێژوویەکی خوێناوی پڕ چەوسانەوە بووە. بەهەرحاڵ لێرەدا پێویست بە ئیشارەتدان بە تایبەتمەندییەکانی ئەو مێژووە خوێناویە ناکات لەبەرئەوەی لای هەموان ئاشکرا و ڕوونە. بەڵام بێجگە لەو مێژووە، بە تایبەتی لە شەڕی دووەمی کەنداوەوە و لە 1991 ەوە کە بە عەمەلی لە عێراقیش دابڕا یەک سیفەتی تر بۆسەر ئەو مێژووە و بۆ سەر وەزعی کوردستان زیاد بوو، کە ئەویش سەرگەردانی سیاسی بووە. دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردیش لەم چەند ساڵەدا نەک هەر عاملی ڕزگاربوون یان کۆتاییهێنان بەو وەزعە نەبووە، بگرە بەرژەوەندی چینایەتی بۆرژوازی کورد وای خواستووە کە تا کاتێک سەدام و ڕژێمەکەی مابوو ساتو سەودا بکەن، تا ئاستی هەبوونی لیستێکی دوور و درێژ لە سەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیزم لە ڕیزەکانی سیخوڕی کردن بۆ ڕژێمدا. ئەوا ئێستاش ئەبینین کە بە زۆر و دوور لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لکاندوویانەتەوە بە عێراقی عروبی_ئیسلامییەوە. ئەمەش کوردستانی خستۆتە سەرگەردانی و گێژاوێکی گەورەترەوە کە هی تەواوی عێراقە. هەربۆیە مەسەلەی میللی دووبارە مەترەح ئەبێتەوە چونکە گەر کوردستان جیانەبێتەوە لە هەر ڕۆژگارێکدا کە دەوڵەتی قەومی_ئیسلامی عێراقی دەسەڵاتی مەحکەم بێتەوە قابیلی ئەوەیە کە کوردستان بە شێوەیەک داگیر بکاتەوە. وەزعیەتی ئێستا لە چوارچێوەیەکی جیهانی و نەخشەی زلهێزەکانی دنیادا هەڕەشەی زیاتری ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کورستان و خەڵکەکەی کردۆتەوە، وەک ئەبینین بەم دواییانە هەڕەشە و لەشکرکێشییەکانی تورکیا چ مەترسیەکی هێناوەتە کایەوە. هەر بۆیە ئێستا زۆر زیاتر لە هەر کاتێکی تر مەسەلەی جیابوونەوەی کوردستانی خستۆتە بەردەم کۆمەڵگاش و بەردەم خەباتی کۆمۆنیستەکانیشەوە. ئێستاش ئەو بنەما سەرەتاییەی لێکدانەوەکەی مەنسور حکمەت تەتبیق ئەبێ کە " [...] لە هەلومەرجی ئەمرۆدا، خواستی کردنی کوردستانی عێراق بە وڵاتێکی سەربەخۆ دەبێ یەکێک بێ لە خاڵە میحوەریەکانی پلاتفۆرمی سیاسی کۆمۆنیزمی کرێکاریی. تەنها ئەم خواستە وەڵامی مەسەلەی میللی و نادیاری سیاسی و ئیداری ئەمرۆی

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو

کوردستانی پێیە"[9]. هەروەک چۆن مەسەلەکە بۆ لینین "جیابوونەوەخوازی" یان "سەربەخۆییخوازی" نەبوو، بۆ ئێمەش هەروایە و ئەمانەوێ هەنگاوێک لە پێناوی خۆشبەختی خەڵکدا هەڵبگرین یەکجار کۆتایی بەو وەزعیەتە و بەو مەسەلەیە بهێنین و ئەمەش لە باسی مەنسور حکمەت دا ڕۆشنە: "ئێمە لەبەرخاتری سەربەخۆیی، خوازیاری سەربەخۆیی نین. ئێمە یەکلاکردنەوەی دەسبەجێی جارەنووسی حقوقی کوردستانی عێراقمان دەوێت و لەنێوان دوو ئەڵتەرناتیڤی مانەوە لەگەڵ عێراق و جیابوونەوە لە عێراق پێمانوایە ئەمەی دووەم لەبەرژەوەندی خەبات بۆ بەختەوەری و خۆشگوزەرانی خەڵک و ئازادی و سۆسیالیزمدایە"[10]. گەر وەزعیەتی ئێستای کوردستان چاو لێبکەین ئەبینین کە ژیانی خەڵک ژیانێکی ئاسایی نییە. سەرباری ئەوەی بە ڕواڵەت وا دێتە بەرچاو کە خەڵک بەیانیان ئەچنە سەرکار و چەند سەعاتێک کار ئەکەن، بەڵام بە هۆی حوکمی میلیشیا_عەشایەری ناسیۆنالیزمی کوردەوە کە کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان، لە کارگە و کارخانەکانەوە بگرە تا پرۆژە مالی و ئابوریەکان، تا دایرە و دامودەزگاکان، تا خەستەخانە و شوێنە خزمەتگوزارییەکان، هەرهەموویانیان بە حوکمی لولەی چەکانیان ڕێکخستووە کە لە پێناو هێشتنەوەی دەسەڵاتی میلیشیایی خۆیاندایە. ئەم وەزعیەتە کە بۆ ئەوان و دەساڵاتیان بۆتە خێر و خۆشی و تەواوی بەرهەم و داهاتی کۆمەڵگایان لووشداوە، بۆ خەڵک بۆتە نەگبەتی و هەژاری و چوونەدواوەی ئاستی فەرهەنگی و مەعنەویاتیان.

کۆمۆنیستەکان ناتوانن و نابێ دەستەوئەژنۆ دانیشن و چاوەڕوان بمێننەوە و خەڵکیش خۆشخەیاڵی ئەوە بکەن کە سۆسیالیزم تەنها وەک شیعارێک ژیانیان ڕێک ئەخات و چاکی ئەکات و بەرەو ئاسودەییان ئەبات، بگرە ئەبێ هەنگاوی جدی لە پێناو ئەو خۆشبەختیەدا هەڵبگرین. ئەمە میتۆد و پەیامێکە کە هەم لینین و هەمیش مەنسور حکمەت خستوویانەتە بەردەمی کۆمەڵگا. بەمجۆرە جیابوونەوەی کوردستان هەم کۆتایی بە مەسەلەی میللی ئەهێنێت و هەمیش لە باری حقوقیەوە کۆمەڵگا ڕێک ئەخات و ئەبێ بە کۆمەڵگایەکی نۆرماڵ کە پێناسەکانی دەوڵەت مەعلوم ئەبێ، حکومەت مەعلوم ئەبێ، یاسا مانای ئەبێ، ژیانی ئابوری خەڵکیش لەو چوارچێوەیەدا ڕێک ئەخرێ. ئەمەش لەباری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ژیانی خەڵک ڕێک ئەخات و لەباری مەعنەوی و فەرهەنگییەوە ئەیباتە ئاستێکی بەرزتر و لە هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا خەڵک ئەتوانن دەور و دەخاڵەتێکی باڵاتر و بە ئیرادەتر بنوێنن. ئەم وەزعیەتەی کوردستان کە کۆمەڵگای لە حاڵەتی نۆرماڵی دەرکردووە و بە زەرەری کرێکار و زەحمەتکێش و جەماوەری بێبەشی کوردستان تەواو بووە، ئەبێ یەکلا بکرێتەوە. ئەمەش تەنها و تەنها کۆمۆنیستەکان ئەتوانن پێی هەستن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە سەربەخۆخوازین و کارمان تەنها لە دەوری مەسەلەی سەربەخۆیی چەقیبەستووە و مەنسور ووتەنی قیبلەنمای هەڵسوڕانی ئێمە نییە لە کوردستان. ئامانجی سەرەکی و کار و هەڵسوڕانی ئێمە لە پێناوی سۆسیالیزمدایە.، بەڵام بە عەمەلی دەرهێنانی خواستی سەربەخۆیی کوردستان بەشێکی گرنگە لە تاکتیکی ئێمە لەم پێناوەدا.

گەر لەوێوە سەیری بکەین کە چ لینین و چ مەنسور حکمەت مارکسیستێک بوون خاوەنی هەمان میتۆدۆلۆژی، ئەوا وەڵامی پڕا و پڕ بۆ مەسەلەی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان ئەبێ لەسەر بنەمای لێکدانەوە و مەقولاتەکانی مەنسور حکمەت دا بێت. لە ڕووی سیاسیەوە ناکرێ تۆ بەهەمان مەقولە و هەمان دەقی سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە بچیتە پای چارەسەرکردنی کێشەیەک کە لە کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدایە.

---

[9] مەنسور حکمەت، "لە پێناوی داکۆکی کردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا، خستنە ڕووی بەرایی باسەکە"، 1995. ئەم باسەش لە سایتەکانی مەنسور حکمەت و حزبی عێراق و کوردستان و.... هتد دەست ئەکەوێ.

[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو.